# هەڵبژاردنی 2025: گرنگترین ئاماژە و دەرەنجامەکانی بازنە سوننی و شیعییەکان

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

پرۆسەی هەڵبژارنی گشتی لە عێراق بەبێ کێشەیەکی ئەوتۆ، ئاسایی وەك پێنج خولەکەی پێشوو بەڕێوە چوو، بەڵام ئەنجامە بەرایی و دەرهاوێشتەکانی لە ئێستادا جێگەی لێکدانەوە و مشتومڕی جۆراوجۆرن. ئەم شرۆڤەیە لەسەر گرنگترین ئاماژە و دەرەنجانی پاش دەرکەوتنی ئەنجامە بەراییەکان لە بازنەی شیعی و سوننەکان هەڵوێستە دەکات، کە لێکەوتە و کاریگەریشیان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە؛ چ لە پێکهێنانی حکوومەت، چ لەسەر ئاراستەکردنی سیاسەتە گشتییە فیدراڵییەکان.

**1_ بازنە شیعییەکان:**

**مشتومڕی یەکەمی عێراق و یەکەمی شیعە**

بەپێی ئەنجامە بەراییە ڕاگەیەنراوەکان لیستەکەی سوودانی (ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان) سوپرایزی هەڵبژاردنە؛ بەو پێیەی یەکەم بەشداریکردنییەتی بەو ناونیشان و پێکهاتەیە لە هەڵبژاردندا. ئەم هاوپەیمانییە بە بردنەوەی 46 کورسی لە کۆی نزیکەی 187 کورسیی بەرکەوتەی لیست و هێزە شیعەکان، یەکەم بوون[1]. جیا لەوەیش، زیاتر لە ملیۆنێك و 317 هەزار دەنگی لە عێراقدا بەدەست هێنا. لەسەر ئاستی سەرۆکلیستە کاندیدەکانیش سەرۆکەکەی کە "محەمەد شیاع سوودانی"یە، کۆتاییی بە مشتومڕێکی چەند مانگە هێنا لەسەر پێگەی "یەکەمی بەغدا"، ئەویش لە ڕێگەی بەدەستهێنانی زیاتر لە 91 هەزار دەنگ. بەمەیش پێش حەلبووسی، سەرۆکی تەقەدومی سوننە (71 هەزار دەنگ) و نووری مالیکی، سەرۆکی دەوڵەتی یاسای شیعە (68 هەزار دەنگ) کەوت[2].

ئەم ژمارەیە و ڕێژەی دەنگەکانی سوودانی و لیستەکەی، دەرفەتی ئەوەیان پێ دەدا خۆیان بە یەکەمی عێراق و پانتاییی شیعییش ڕابگەیەنن و لەپاش دەرکەوتنی ئەنجامەکانیشەوە هەمان شتیان کرد. سوودانی ڕای گەیاند ژمارەکانی ئەوان "تا ئێستا هیچ قەوارەیەکی سیاسی لە هیچ هەڵبژاردنێکدا پێی نەگەیشتووە"[3]. بەڵام بەپێی ئاماژەکان ئەم یەکەمبوونە زۆر جێگەی متمانە نییە و جێگیریش نییە، بەڵکوو لە بەردەم چەند مەترسی و لەمپەر و ئەگەرێکدایە کە سەرەکیترینیان بریتین لە:

_ یەکەمبوونی سوودانی وەك بەربژێر کە نزیکەی 92 هەزار دەنگە لە بەغدا، زۆر یەکلاکەرەوە و ژمارەیەکی گەورە نییە بەراورد بە 721 هەزار دەنگەکەی مالیکی لە 2014. هەرچەندە بارودۆخی هەردوو هەڵبژاردنەکە جیاوازە و نێوانیشیان زیاتر لە 11 ساڵە، بەڵام دەکرێت ئەمە بە لاوازیی کاریزما و کەسایەتیی سیاسیی سوودانی یان لاوازیی پێگە جەماوەرییەکەی لێك بدرێتەوە؛ بەڵام هەیشن، دەیگەڕێننەوە بۆ گۆڕانی میزاجی دەنگدەری عێراقی (شیعی) لە گەڕان بەدوای سیمبول و کاریزماتیکەوە بەرەو ئاڕاستەی دیکە.[4]

_ قەرەبالغی (تێکەڵوپێکەڵی)ی هاوپەیمانێتییەکەی سوودانی و درزە زۆرەکانی پێکهێنانی؛ بە جۆرێك دەگوترێت لە کۆی ئەو 46 کورسییەی کە سوودانی بەدەستی هێناوە، دەوروبەری 30 کورسییانی بەتەواوی بۆ دەمێنێتەوە- ئەوانی دیکە دەچنە ناو لیستە شیعەکان. لەم نێوەیشدا باسی ئەوە هەیە پاش دەرکەوتنی ئەنجامەکان هەندێکیان (پێنج کاندیدی براوە) بۆ ئەو مەبەستە چوونەتە نێو دانوستانەوە لەگەڵ ڕکابەرەکانی سوودانی و، ئامادەییان دەربڕیوە بۆ دەنگدان بچنە پاڵیان[5].

دەرکەوتنی "فالح فەیاز"ی هاوپەیمانی سوودانی لەگەڵ "قەیس خەزعەلی"، سەرۆکی عەسائیب، پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکان، پرسیاری ئەوەی لە سالۆنە سیاسییەکانی بەغدا دروست کردووە کە: ئاخۆ ناوبراو سوودانی بە هەمان دەردی عەبادی نابات و وەك ئەو لێی جیا نابێتەوە (2018)؟ ئەگەر ئەمەیش لە "فەیاز" یان "ئەحمەد ئەسەدی" ڕوو بدات، درز و کەلێنی گەورە لە پرۆژەکەی "سوودانی"دا دروست دەکات.

_ بەهۆی ئەوەی یاسا و نەریتە سیاسی و دادوەرییەکانی عێراق دەرفەت بە دروستکردنی "گەورەترین فراکسیۆن" لەپاش هەڵبژاردن دەدات، یەکەمبوونی سوودانی، چ لەسەر ئاستی شیعە و چ لەسەر ئاستی نیشتمانیی عێراقیش قەرەباڵغ و دەڵەمەیە، بەتایبەت ئەگەر هێزەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی" بەبێ سوودانی خۆیان ڕێك بخەنەوە و "گەورەترین فراکسیۆن" ڕابگەیەنن.

ئەم هەنگاوە ئەگەرچی تا ڕاددەیەکی زۆر ڕەخنەی لەسەرە و بەدژ بە دیموکراسی لێك دەدرێتەوە، بەڵام لە 2010 بەرامبەر یەکەمبوونی "لیستی ئەلعێراقییە"ی "ئەیاد عەللاوی" پەیڕەو کراوە و کاریشی پێ کراوە.

_ بەپێی داتا بەردەستەکان و بانگەشەکانی لیستە براوەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، ئەوان لە دەرەوەی سوودانی 120 کورسییان بەدەستەوەیە؛ دەتوانن بەبێ سوودانییش ببنە "گەورەترین فراکسیۆن" و، بەرنامەیشیان هەیە ئەم کارە بکەن و لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران ڕای بگەیەنن"[6].

ژمارەی کورسییەکانی هێزە شیعەکانیش بەراورد بە سوودانی، کە نزیکەی سێ هێندەیە، لە بەرژەوەندیی سەرۆکوەزیراندا نییە، مەگەر لەگەڵ تەواوکەری دیکەی سوننە و کورددا پەنا بۆ سیناریۆی سێیەکی پەکخەر ببات، یان هەوڵی دروستکردنی زۆرینەیەکی هاوئاست بدات لەنێو 329 کورسییەکەی پەرلەمان؛ هەمان ئەو یارییەی "چوارچێوەی شیعی" لە 2021 لەگەڵ سەدر و زۆرینەکەیدا لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار کردیان. ئەمەیش کێشە و لەمپەری لەبەردەمە و، پێ ناچێت لیستەکان ڕیسکی ئەوە بکەن درز و کەلێن لەنێوخۆی ماڵی شیعیدا دروست بکەن و باجدان و ئەزموونی پارتی و حەلبووسییش لە 2021 هەر ڕێگرە.

_ تێکڕای هێزە شیعەکانی ناو چوارچێوەی شیعی (120 کورسی)، نیمچەکۆدەنگی و پێداگرییەکیان هەیە ڕێگری لە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران لەلایەن سوودانییەوە بکەن؛ ئەمەیش پێچەوانە و دژی پرۆژەی لیستی ناوبراوە (ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان) کە لە بنەڕەتەوە لەسەر بەرنامەی ویلایەتی دووەم بنیات نراوە و بەبێ ئەوە دەشێت پارچەپارچە ببێت یان ئامانج لەدەست بدات.

_ بژاردەکانی سوودانی سەختن و دۆخی خۆیشی زۆر باش نییە، چونکە دیاریکردنی سەرۆکوەزیران بەبێ "چوارچێوە شیعی" زۆر قورسە ئەگەر مەحاڵ نەبێت. بەهۆی خراپیی پەیوەندییەکانی سوودانییش لەگەڵ هەندێك لە سەرکردەکانی چوارچێوەی شیعی (مالیکی بە نموونە)، ئەگەری لێکگەیشتنیان کەمە. هەروەها

گوشاری ئێرانی و ناوخۆیی هەیە بۆ یەکگرتنی لیستە شیعەکان. لەم حاڵەتەیشدا ڕازیبوونی سوودانی بە مەرج و بەندوباوەکانی چوارچێوەی شیعی بۆ قبووڵکردنی بە ئەندام لەگەڵیان، دەشێت دەستبەرداربوونی پۆستەکەی لەخۆ بگرێت[7].

_ سوودانی هەندێك دۆسیە و داوای یاسایی دواخراوی لەسەرە، کە دەشێت ببنە لەمپەر لە بەردەمی، یان بۆی زیندوو بکرێنەوە، لەوانەیش: دۆسیەی گوێگرتن لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی سەرکردەکانی چوارچێوەی شیعی، لەگەڵ سکاڵاکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی دارایی و ژێرخانی حکوومەت بۆ لیستەکەی، کە سەرجەمیان بەپێی لێدوانی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، لە لێکۆڵینەوەی دادگەدان و دانەخراون[8]. جگە لەوەیش لە ماوەکانی ڕابردوودا دەیان دۆسیە و سکاڵا دژی بڕیارەکانی سوودانی ئامادە کراون و، هەندێك لەوانەیش جووڵاندنی داوای یاسایی تێ دەکەوێت؛ ئەمەیش کێشە و گرێوگۆڵ بۆ سوودانی دروست دەکات.

_ ئەگەری پەیداکردنی پاڵێوراوێکی دیکەی جێگرەوەی سوودانی لەسەر بنەمای سازان؛ ئەمەیش لە سۆنگەی ئەوەی بنەمای کاندیدکردن بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیران، پێکهاتن و سازانە نەك ژمارە و ڕێژەی دەنگ و، ئەم پۆستە لەلایەن دەنگدەرانەوە یەکلایی ناکرێتەوە بەڵکوو کاری لیست و هێزە براوەکانە. ئەمەیش بەڕوونی لە کازمی (2021)، عەبدولمەهدی (2019) و حەیدەر عەبادیدا (2014) بەرجەستە بووە؛ تەنانەت دەگوترێت هەردوو ویلایەتەکەی مالیکییش (2005_2014) هەر لەسەر بنەمای سازان بووە نەك زۆرینەیی و ژمارەی دەنگ و کورسییەکانی.[9]

_ هێزە تەقلیدییەکانی شیعە سەرۆکوەزیرانی ماسك یان جێبەجێکاریان دەوێت نەك کەسایەتییەکی خاوەن پێگەی سیاسی و پەرلەمانی کە منەتی پێیان نەبێت. لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوویشدا ئەمەیان کردووە بە نەریت و لەپاش مالیکی سەرۆکوەزیرانەکانی دیکە هەروا کاندید کراون: عەبادی، عەبدولمەهدی، کازمی، سوودانی.

سەرباری ئەم ئاڵنگاری و لەمپەرانەیش هێشتا چانسی سوودانی سفر نییە و بڕێك دەرفەت و چانس و کارتی بەدەستە، لەوانەیش:

_ ناجۆری و فرەجەمسەریی هێزەکانی چوارچێوەی شیعی و هەبوونی بەریەککەوتن و دژیەکی لە خواست و چاوەڕوانییەکانیان، بەتایبەت لە دۆسیەکانی ڕێکخستنەوەی حەشدی شەعبی، پەیوەندی لەگەڵ سووریا، دابەشکردنی دەستکەوتەکانی پاش هەڵبژاردن و زۆر دۆسیەی دیکەی هەڵپەسێردراو. ئەمەیش وا دەکات لەسەر کاندیدێکی جێگرەوەی سەرۆکوەزیرانی ئێستا، بەئاسانی نەگەنە ڕێککەوتن.

_ قورسیی دیاریکردنی جێگرەوەی سوودانی؛ کە ئەگەرچی بڕیارەکە بەدەست هێزە شیعەکانی چوارچێوەیە بەڵام تێپەڕاندن و گەیاندنی ئەو پاڵێوراوە دیاریکراوە بە کورسیی سەرۆکایەتیی وەزیران بە ڕەزامەندیی هەندێك لایەنی دیکەوە پەیوەستە، لەوانەیش: تاران، واشنتۆن، نەجەف (سیستانی و سەدر)، لەگەڵ ڕەزامەندیی نوێنەرایەتیی سیاسیی کوردی و سوننی_ ئەمەیش هەروا ئاسان نییە.

_ سوودانی وەك بژاردەیەکی سیاسیی تاقیکراوەی بەردەست، چانسی زیاترە بەراورد بە هەر بژاردەیەکی دیکە کە هەندێکیان سزا، یان ڤیتۆی ئەمریکایان لەسەرە، وەك: فالح فەیاز، هادی عامری، مالیکی. بەو

پێیەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران لەلایەن هەر یەك لەمانەوە، لای هەندێك ناوەندی ئەمریكی مانای سەرکەوتنی ئێران دێت لە دۆسیەی عێراقدا[10].

**هەڵکشانی پێگەی گرووپە چەکدارەکان**

لە هەڵبژاردنی گشتیی 2025دا هێزە شیعە چەکدارەکان بەراورد بە پێگەی پێشوویان، پێشڕەویی بەرچاویان تۆمار کرد. لەم بەینەیشدا بەپێی هەندێك لەو داتایانەی بەردەستن، چوار گرووپی چەکداری شیعە 58 کورسییان بەدەست هێناوە، کە 17.6%ی کورسییەکانی خولی شەشەمی پەرلەمان دەکات و، دەشێت ژمارەکە لەوەیش زیاتر بێت ئەگەر گرووپە چەکدارەکانی نێو لیستە مەدەنییەکانی دیکە ئەژمار بکەیت کە هەندێکیان لەگەڵ سوودانی خۆیدان. گرووپە شیعە سەرکەوتووە دیارەکان بریتین لە[11]:

_ لیستی "الحقوق" کە باڵی سیاسیی کەتیبەکانی حزبوڵڵای عێراقییە ( 6 کورسی).

_ بزووتنەوەی "الصادقون" کە باڵی سیاسیی "بزووتنەوەی عەسائی"بە (27 کورسی).

_ "لیستی هاوپەیمانیی خەدەمات" کە سەر بە "کەتیبەکانی ئیمام عەلی"یە (5 کورسی).

_ لیستی ڕێکخراوی بەدر ( 19 کورسی).

_ بزووتنەوەی بابلیۆن (2 کورسی).

ئەم هەڵکشانەی گرووپە چەکدارەکانی شیعەیش وای کردووە هەندێك لە سوننە دژەئێرانییەکان، بە سەرکەوتنی "قائانی" بیدەنە قەڵەم و هەندێکی دی بە ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی هەژموونی چەك و پارە و نفووزی گرووپەکان. بەڵام لەنێو هۆکارەکاندا دووان زۆر بەرچاون و پەیمانگەیەکی ئەمریکی، بە هۆکاری سەرەکیی داناون:

_ غیابی "سەدر"، وەك ڕکابەرێکی بەهێزی هێزە شیعەکان و ئەو بۆشاییەی دروستی کردووە.

_ هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن (2023) کە سیستەمی ڕێژەیی درێژخایەنی گێڕایەوە بۆ عێراق و، ڕێگە بە گواستنەوەی دەنگی زیادەی سەرۆکلیست و بەربژێرە براوەکان دەدات بۆ پاش خۆیان لە هەمان لیست بەپێچەوانەی یاساکەی 2021[12].

هەڵکشانی دەنگ و کورسییەکانی گرووپە چەکدارەکان، سەنگ و کاریگەرییشیان لە پێکهێنانی حکوومەتدا زیاتر دەکات؛ هەندێك لەو هێزانەیش (کەتیبەکانی حزبوڵلا) پێشوەختە مەرج و بەندوباوی خۆیان لەسەر کاندیدانی سەرۆکایەتیی کۆمار و هەندێك پۆستی تری سیادی و سیاسی ڕاگەیاندووە[13]. ڕاگەیاندنی ئەمەیش، جۆرێکە لە هەژموون بەسەر بڕیاری سیاسی لە دەرەوەی ژمارە و قەبارە دەرچووەکانی ناو سندووقەکانی دەنگدان.

**پاشەکشەی مالیکی و هەڵکشانی خەزعەلی**

هاوشانی دەرکەوتنی سوودانی وەك لیستێکی ڕکابەر لەنێو شەقامی سیاسیی شیعیدا، دیاردەی هەڵکشانی

مووشەکئاسای کورسییەکانی بزووتنەوەی عەسائیبیش جێگەی سەرنج و لێکدانەوەن و، هەندێك ئەم هێزە بە براوەی گەورەی هەڵبژاردنەکان دەدەنە قەڵەم. لە بەرامبەر ئەم هەڵکشانەی عەسائیبدا لە کورسییەکەوە بۆ 15 و پاشان 27 لە سێ هەڵبژاردندا، کورسییەکانی لیستەکەی مالیکی (28 کورسی) سەرباری زیادبوونی دەنگەکانی بە ڕێژەی 250 هەزار، نزیکەی 10 کورسی پاشەکشەی کردووە[14]. ئەم هەڵکشانەی بزووتنەوەی عەسائیب، قووتکردنەوەی ڕکابەرییەکی توندە بۆ زەعامەتی مالیکی لە لایەك و کێشەیەکی جددیشە بۆ جەماوەریبوونی سەدرییەکان لە لاکەی دیکەوە؛ چونکە ئەو ژمارەیە بەپێی ئاماری ماشێنی هەڵبژاردنی بزووتنەوەکە دەنگی وەدەستهاتوویان لە 760 هەزار پترە_ ئەمەیش نزیکیان دەخاتەوە لە دەنگی سەدرییەکانی هەڵبژاردنی 2021 .[15] بەهۆی ئەوەیشی بازنەی کارکردن و جەماوەری عەسائیب و سەدرییەکان نزیکە و مەرجەعی مەزهەبیی هەردووکیان "محەمەد سادق سەدر"ی باوکی موقتەدایە و عەسائیب لە هەناوی سەدرییەکانەوە دەرچوون، دەشێت وردە وردە و لە هەندێك ناوچە ببنەوە جێگرەوەیان.

بەپێی بەرنامەی ڕاگەیەنراوی بزووتنەوەی عەسائیب، ئەوان لە 2029 کاندیدیان بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران دەبێت؛ ئەگەر بەم ڕێژەیەیش هەڵبکشێت، دەشێت بە ڕێژەی زۆر هێزە تەقلیدییەکانی شیعە بخەنە پاش خۆیان. لە ئێستایشدا شان بە شانی 28 کورسییەکەی مالیکی کە بەشێکی هی هاوپەیمانییە (12 فەزیلە و 6 کەتیبەکانی سەییدولشوهەدا)، 27 کورسییەکەی عەسائیبیش سەرباری ئەوەی هاوپەیمانیی تاکەکەسیی تێدایە کە هەیانە سوننەی سەڵاحەددینن، بە سەرکردایەتیی خەزعەلی، قسەی کاریگەریان لە بڕیاری چوارچێوەی شیعیدا دەبێت و لێ ناگەرێن گۆڕەپانەکەی بۆ چۆڵ بێت.

### لاوازبوونی هەژموونی سەدر

یەکێك لە سەرەکیترین دەرهاوێشتە نادیارەکانی هەڵبژاردن، دەشێت لاوازبوونی کاریگەریی سەدر بێت بەرامبەر بە ڕکابەرانی لەنێو چوارچێوەی شیعی. پێداگری و تێکۆشانی زۆری ناوبراو بۆ بایکۆتکردن، نەبووە هۆی دروستکردنی کێشەی ئەوتۆ بۆ پرۆسەکە؛ نەك هەر ئەوە بەڵکوو بەپێچەوانەی هەڵبژاردنی 2025 ڕێژەی ڕاگەیەنراوی بەشداریکردنی ئەوانەی بایۆمەترییان کردووە لە دەنگدان کە 56% بوو، بە ڕێژەی 15% زیاتر بوو لە 41%ی دوا هەڵبژاردن کە بە بەشداریی سەدرییەکان بەڕێوە چوو (2021)[16]. لەبارەی ئەم لاوازبوونەی کاریگەریی بانگەوازی سەدریشەوە بۆ بایکۆتکردن، چەند پێدراوێك هەن، دەشێت بەرچاوڕوونی لەبارەی هۆکارەکەی بدەن:

_ بەر لە هەڵبژاردن "نووسینگەی سیستانی" هەردوو بژاردەی بایکۆتکردن و بەشداریکردنی لە هەڵبژاردن بۆ دەنگدەری شیعە ئاسایی کردەوە؛ ئەمەیش بە پاڵپشتیی بایکۆتەکەی سەدر وەك بژاردەیەك لێك درایەوە. بەڵام لە ڕۆژی هەڵبژاردندا (11/ 11)، بریکارەکەی سیستانی لە کەربەلا، "عەبدولمەهدی کەربەلایی"، دەنگی دا و لە "کەناڵی کەربەلای عەتەبەی حسێنی"یشەوە هانی بەشداریکردنی دەدا. ئەمەیش سەدری ناچار کرد بە نامەیەکی گلەیی، ناڕەزایەتی و دەردەدڵی لەو هەڵوێستە بکات[17].

_ زیاتر لە دوو ملیۆن دەنگدەری نوێی شیعە مافی دەنگدانیان بۆ یەکەم جار وەرگرتووە؛ ئەمەیش وای کرد ڕێژەی دەنگدەرانی لیستە شیعەکان لە بازنە و پارێزگا شیعەکاندا بۆ پێنج ملیۆن دەنگ بەرز ببێتەوە.[18]

_ کاریگەریی جەمسەرگیری سوودانی _ مالیکی لە هاندانی بازنە شیعەکان بۆ بەشداریکردن.

_ ڕێژەی فەرمانبەرانی سوودمەند لە دەوڵەت بە دەوروبەری پێنج ملیۆن کەس زیاترن؛ ئەمانەش خۆیان و خێزانەکایان بە ملیۆنەها کەس دەخەمڵێنرێن. ئاساییە 12 ملیۆن دەنگدەر لەم ملیۆنەها کەسەیش بەشداریی پرۆسەکە بکەن؛ بەو پێیەی بە پێکهاتنی حکوومەتەوە پەیوەندیدارن.

– ڕکابەریی نێو لیستە شیعییە فرەجۆرەکان توند بوو، ئەمەیش هاندەرە بۆ جووڵاندنی بنکەی جەماوەری و، هەریەک لەو لیستانەیش چەند گرووپ خەڵک لێیان سوودمەندن.

**ئاوابوونی خۆری تشرینی و مەدەنییەکان**

بەپێچەوانەی هەڵبژاردنی 2021 پەرلەمانتارە تشرینییەکان (بزووتنەی ئیمتیداد بەتایبەتی) چانسی گەیشتنەوەیان بە پەرلەمان لەدەست دا و ژمارەی دەنگەکانیان زۆر کەم و لاواز بوو.[19] شان بە شانی ئەوانیش ڕەوتە مەدەنییەکان "گەورەترین دۆڕاوی" پرۆسەی هەڵبژاردن بوون، لەوانەیش: "لیستی بەدیل" و "هاوپەیمانیی مەدەنیی دیموکراسی" کە حزبی شیوعییشیان تێدا بوو[20].

ئەم لیستانە کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا ڕکابەری هێزە تائیفی و مەزهەبییەکان بوون و لە سایەی یاسای پێشوو سوودمەندی فرەبازنەیی (83 بازنە) بوون لەسەر حسابی هێزە شیعەکان، بەم هۆیەیشەوە لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق 43 کورسییان وەك کاندیدی سەربەخۆ لە هێزە شیعەکان برد[21]، ژمارەیەکی بەرچاویش لەوانە دژی ئەجێندای هێزە مەزهەبییەکان دەجووڵانەوە، لەوانەیش سەجاد سالم؛ بەڵام لەم هەڵبژاردنە و لە سایەی یاسای هەموارکراوی نوێدا سەرجەمیان چانسی گەیشتن بە پەرلەمانیان لەدەست دا.

**2_ بازنە سوننەکان:**

بەپێی هەندێك ئامار، ژمارەی کورسیی وەدەستهاتووی لیستە سوننەکان، 77 کورسییە لە کۆی 329ی ئەنجومەنی نوێنەران و، هی لیستە کوردییەکانیش 56 کورسی [22]. بەڵام هەندێك لە چاودێرانی سوننە پێیان وایە ئەو ژمارانەی بۆ کورسییە سوننەکان دەگوترێت و دەخرێتە ڕوو ورد نین، چونکە دەوروبەری 15 پەرلەمانتاری لیستە شیعی و کوردییەکان هی ناوچە سوننەنشینەکانن (نەینەوا، سەلاحەددین، بەسرە، بابل، واست)؛ ئەمە جگە لەوەی 1/ 3ی دەنگەکانی سوودانی لە بەغدا لە ناوچە سوننەکانی بەغدا پێی دراوە [23].

لە ناو بازنە و پارێزگا سوننەکاندا نەخشەی هێز بەم جۆرە پەرتەوازە و دابەش بووە:

_ لیستەکەی حەلبووسی و پاشکۆکانی، پارێزگاریی لە پێشەنگی و یەکەمبوونی محەمەد حەلبووسی، سەرۆکی پێشووی پەرلەمان و هاوپەیمان و تەواوکەرەکانی کردووە (33 کورسی)، بەبێ ئەوەی ببێتە زۆرینەی ڕەهای پێکهاتەکە و 50+1ی کورسییە سوننەکان ببات.

_ دووەم، بوونی لیستی عەزمی موسەننا سامەڕایی بەرچاوە بە ڕێژەی 17 کورسی. هاوشێوەی حەلبووسی، پەیوەندیی سامەڕاییش لەگەڵ هێزە شیعەکان خراپ نییە.

_ پاشەکشەی بەرچاوی لیستەکەی خەمیس خەنجەری نزیك لە تورکیا و قەتەر بۆ 9 کورسی، ڕەنگە

سوپرایزی گەورەی ناو سوننەکان بێت و لەگەڵ دوو هاوپەیمان ئەوجا دەگەنە 11 کورسی.

_ لە پلەکانی دواتردا هاوپەیمانییەکەی سابت عەباسی، وەزیری بەرگری، دێت کە سوننەیەکی تورکمانە (الحسم) کە 6 کورسیی بەدەست هێناوە. بەدوای ئەمانەیشدا وردەلیستە لۆکاڵییەکانی پارێزگاکانی نەینەوا و سەڵاحەددین و شارەکانی تر دێن کە پرۆژەی تاکەکەسی و ناوچەیین.

بەپێچەوانەی پێشبینییەکانەوە لیستە سوننەکان لە پاشەکشەی سەدر سوودمەند نەبوون و، چاوەڕوان دەکرا هیچ نەبێت بەهۆی بایکۆتی سەدرەوە لە بەغدا بگەنە 30 کورسی، کەچی 22یان بەدەست هێنا؛ لە کاتێکدا لە ئەنجومەنی پارێزگای پایتەخت تێکڕا 26 کورسییان هەیە. لەنێو دۆڕاوەکانی لیستە سوننەکانیشدا کەسایەتیی ناودار هەبوون، لەوانەیش: مەحموود مەشهەدانی و سەلیم جبووری، سەرۆکی پێشووی پەرلەمان، هەروەها ئەحمەد فەکاك و فەلاح زێدان کە پێشتر وەزیر بوون[24]. بەشێکی هۆکاری ئەمەیش بۆ بایکۆتی بەرچاوی نێو بازنە سوننەکان و لاوازیی متمانەی سیاسییان دەگەڕێتەوە.

لەبارەی هۆکاری پاشەکشەی چاوەڕواننەکراوی لیستەکەی خەمیس خەنجەریشەوە، کە خۆی وەك بەرگریکارێکی سەرسەختی پرسە سوننەکان دەخاتە ڕوو، لێکدانەوە و بۆچوونی جۆراوجۆر هەن؛ لە کاتێکدا خۆیان چاوەڕوانی بەدیهێنانی 18 کورسی بوون. یەکێك لەو هۆکارانە دەخرێتە ئەستۆی شکستی تیمی هەڵبژاردنی خەنجەر و نەزانینی بەکارهێنانی ئەو یارییانەی ڕکابەرەکانی بەکاری دەهێنن[25]. لە دەرەوەی ئەمەیش باس لە گۆڕانی میزاجی دەنگدەری سوننە و دەرچوونی لە قاوغی گوتاری تائیفی هەیە بەرەو بەرژەوەندیخوازی و پراگماتیزم.

هاوشێوەی شیعەکان، کێشەی گەورەی لیستە سوننەکانیش بریتییە لە پەرتەوازەیی، فرەجەمسەری، بەریەککەوتنی سپۆنسەرە هەرێمایەتییەکانیان و نەبوونی دیدگەیەکی ڕوون لەسەر ئامانجە دوورمەوداکانیان. سەرباری ئەمەیش ئەم لیستانە لەسەر ئاستی کەرکووك بەهۆی گوتاری قەومییەوە بۆ یەکەم جار هێندەی لیستەکانی پێکهاتەی کورد کورسیی پارێزگای کەرکووکیان بەدەست هێنا (5 بەرامبەر 5)؛ جگە لە گوتارە قەومییەکەی لیستە عەرەبییەکانیش، لێکدانەوەی دیکە هەن بۆ ئەم یەکسانبوونە، لەوانەیش: پەرتەوازەییی سیاسیی لیستە کوردییەکان و فرەییان. لەپەنا ئەمانەیشدا دابەزینی ڕێژەی دانیشتووانی کورد، دەشێت ڕۆڵی هەبێت، چونکە بەپێی هەندێك بەدواداچوون لەو پارێزگایە ڕێژەی دانیشتووانی کورد لە 20 ساڵی ڕابردوودا لە 54% دابەزیوە بۆ دەوروبەری 45%[26].


[1] https://2h.ae/IXUuW

[2] https://2h.ae/RNEaC

[3] https://2h.ae/beoXd

[4] https://2h.ae/wggnU

[5] https://2h.ae/nQEJf

https://2h.ae/CnMGG [6]

https://2h.ae/UsyEo [7]

https://2h.ae/rvPhA [8]

https://2h.ae/hzofH [9]

https://2h.ae/YNXts [10]

https://2h.ae/TJUeX [11]

https://2h.ae/YNXts [12]

https://2h.ae/xvesN [13]

https://2h.ae/Norrt [14]

https://2h.ae/NVmqG [15]

https://2h.ae/OUtLh [16]

https://2h.ae/GPbKU [17]

https://2h.ae/seHam [18]

https://2h.ae/OTwpT [19]

https://2h.ae/BwmkU [20]

https://2h.ae/oFFTA [21]

https://2h.ae/IXUuW [22]

https://2h.ae/lKjnp [23]

https://2h.ae/ETLkn [24]

https://2h.ae/yEQFm [25]

https://2h.ae/LQGlf [26]